مەسەلەکەی ئەمە دوورە لەو پەلینە دەمارگیرە شارییەی فەرهەنگی گوندیی بە پریمیتق و کۆیی سەیر دەکات، نا، نیازێکی وامان نییە بیڵێین، بەڵکو قسەمان لەسەر نیشاندانی دوو کولتوورە کە هەر یەکێکیان خاسیەت و شێوەی خۆی هەیە.
هەرچەندێک بەڵێ سەرئەنجام هاتنی گوندییەکان تەنیا هاتنێکی فیزیکی ئەبستراکت نەبوو، هاتن و زاڵبوون و باڵادەستی کولتوورێکیشیان بوو، بە تایبەتی لەو لەشاوەی ساڵی 1988دا و لە میانەی پرۆسەی ڕاگواستنی گوندەکاندا لەسەر دەستی بەعس، ئەم دیاردەیە بە زۆری ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر شارەکان ئەویش بە پاشکۆی ئەو کولتوورە شارنشینییەی چەند دەیەیەک بوو لە ڕسکان و گەشەکردندا بوو لەسەر دەستی چینی ناوەند. گوندییەکان بە دەستی بەتاڵ لە سامان و موڵکی هاتن، بەڵام بە ئاسانی دەستیان گرت بەسەر نەرمی شارنشینی و خودی شارەکاندا. ئەم پرۆسەیە لەناو هەولێردا گەورەترین ڕەنگدانەوەی هەبوو، کە شاری دابەشکرد بەسەر دوو تاقمی کولتووریدا "هەولێریی و دەشتەکی"، لە سلێمانیشدا لە ژێر ناوی "خەڵکی شارەکە و لادێی" خۆی دەرخست.
هەبەتە مەبەستمان نییە، فەزڵی هیچکام لە کولتووری لادێ و شار بدەین بەسەر یەکتردا، نیازمان ئەوەیە لە دیاردەیەکی بدوێین لە واقیعدا بوونی هەیە. تەنانەت بە "کارل مارکس" هەمیشە شار گرنگتر بوو. بەو پێیەی چینی بەرژوازی بەرهەمی شار بوو، شارەکان چەقی گەشەکردنی سەرمایەداریی بوون، بە هەمان شێوە مارکس بە ئەوەی باسی بکات پێی دەوتین کەمێنیزمەکەی ئەویش هەر سەر بە کولتووری شارە. مارکس و ئێنگلس بە جووت پێیان دادەگرت لەسەر ئەوەی مرۆڤی عەقڵانی

بەرهەمی شار، لەم ڕاستایەدا لە هەوڵدا بوون بە خستنە ڕووی ئەوەی پڕۆلیتاریا دەبێت خۆی لە بیرکردنەوەی گوندیی ڕزگار بکات، چوونکە ئەو بیرکردنەوەیە خۆی داوەتە دەست گۆڕانکارییە سروشتییەکان. بە پێچەوانەی شارەوە کە مەکۆی ململانێیە و تێیدا چەندین دەستەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەن هانی تاکەکان دەدەن بە بە دەستهێنانی ئازادیی!. ئاخۆ دەکرێت بە مارکس بڵێین گوندییەکانی بە نزمتر سەیر کردووە؟ نا مەسەلەکە شتێکی ترە. دەکرێت بڵێین ئیدی شار بەو کولتوورە جیاوازە خۆیەوە کە کەمتر کشتوکاڵییە و زۆرتر پیشەسازییە دەبێتە ناوەند و چەقی گۆڕانکاریی و مەیدانی کێشمەکێشی چینەکان.

هەر لە باری واقیعییەوە، ئەمە قسە لەسەر شارگەلێک دەکەین بەرهەمی خۆرئاوایە، یان ڕاستتر بڵێم بەرهەمی مودێرنێتییە. گەر بخەرایی ئاوە لە ژیاری خۆرئاوا بدەینەوە. ئەوەی بە "خۆرئاوا" دەناسرێتەوە وەک چەمک، ساتەوەختی گۆڕانەوەیە بە شارستانی گریک و ڕۆمای دەرین و لەسەر ئاینی کریستیانیزم دامەزراوە، دروست لە ساڵی 1492 لەگەڵ دەزینەوەی ئەمریکا و دەرکردنی عەرەبە موسەمانەکان لە ئەندەلوس فڕۆ بووە. هەر لەم دەمەدا فەلسەفە و فیکری خۆرئاوایی لەسەر پاساوهێنانەوە بە کەمەکۆزکردنی هێندە سوور و دانیشتوانە ڕەسەنەکانی قارە تازەکە و گۆڕاندنەوەی چەرخی کێڵداریی شکڵی گرت. ئیدی شارەکان هێدی هێدی دروست دەبن و دەمە گۆڕەکان سەرتاپای ئەوروپا دەگرنەوە، لەناو ئەم قۆناغە تازەیەدا ماشێنی ئیمپریالیزم خۆراتر دەواتە پێش و شۆشی پیشەسازیی لە دایک دەبێت، شارەکانیش دەبنە ناوەندی گۆشەی سەرمایە و ڕووبەڕوبەک بە لە دایکبوونی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی "بۆرژوازی". لەم چرکەساتەوە شار دەبێتە مەبەندەک بە ململانێی چینە کۆمەڵایەتییەکان و سەرهەڵدانی ڕەوتە فیکرییە جیاوازەکان. لەم کاتانەدایە یەکەمین کتێب لەسەر بایەخی شار بڵاو دەبێتەوە لە ساڵی 1598دا، کە کتێبەکە لەلایەن "بەتیرە"وە لە ژێر ناونیشانی "گۆڕەیی شار"دا نووسراوە. ئاگام لەسەر باسەکەی خەمە و ئەو چەند پەڕەگرافەی پێشتر دەبەستمەوە بە ناوەڕۆکی بابەتەکەمەوە. بەوەی گومان نییە لەوەی شار بەرهەمی مودێرنێتییە و هەڵگری توخمێکی کولتووریی تایبەت بە خۆیەتی. ئایا لە شارەکانی ئەمەدا بە تایبەت هەولێری پایتەخت ئەو ڕەگەزە فەرهەنگییانە هەن؟. وەڵامەکە گرێ و گۆڵی تێدا نییە و بە هەر کەسێک لام لە جیم جیا بکاتەوە نەخڕێ. ئاخر هەولێر لەسەر ئاستی ڕووکەش وەک شارێک دەردەکەوێت، ئەگینا نەهێ گوندێکی پڕەسندووش نییە. "ئەمە بە سلەمانیش زۆر ڕاستە". شار تەنیا یەک ستانداری نییە و بە زۆر و بڕیی ژمارەی دانیشتوان ناپۆرێت،

لەبەرزترین پلەدا شار فەرهەنگ و شارنشینیش مومارەسەی ئەو فەرهەنگ. گەر نموونەیکی ساکار بهێنینەوە ئەمە جیاواز لەوەی سینەمایکی کزەمان هەیە، لە کاتێکدا زەخیرە و ماتریالی سینەمایکی تایبەتمەند و یونفرسالمان هەیە، دوو سەهڵی سینەمایی شیاومان نییە لەو پایتەختە گەورە و گرانەدا!. چۆن شانەیکمان نییە تەواو خەماڵی بێت، لە هەمان کاتدا دوو هەڵەی نمایشی شیاویشمان نییە. تەلارسازیی رووت هیچ نابەخشێت. ئەگەرچی ستایلێکی میعماریی کوردیشمان نییە، کارەساتێکە ئەوەیە لە دیمەنی تەلارسازیی هەولێر و کەی شارەکانی تریشدا بەر خوار و خێچی زەر دەکەوین، لە شارەکان بەپێی مەژوو، دابونەریتی خەیان تەلارسازییان بە دەستنیشان دەکرێت، لەمەشدا جگە لەو بڕشە کەمەی نزیک قەڵا، ڕەشبایەکی ڤەندالیستی توند چاو دەکەین، هەموو سیما ڕەسەنەکانی شاری بەرەو سەنەوە بردووە و کردوویەتی بە چەند دوورگەیەکی دابڕاو لە یەکتر لە ڕووی کولتووریەوە، نووکە ئەو دوورگە جیاوازە چینایەتییانە، بە هەولێرەکی پشکەوتووە، پەمان دەفرەشدرێتەوە. خولاسەی کەلام ئەمەیە تەلارسازییەکەش شپرزەیە چەشنی دەرووەنی ئەو مرۆڤە کوردەی لە دەروازەی جیهانی تازەدا ڕاوەستاوە، نازانێت چۆن بچێتە ژوورە و لەکام دەرگاوە لێی دەربچێت.
بابەتێکی گرنگی تریش، کە ناشە لەم پانتاییەدا قسەی لەسەر نەکەین، پشکەوتنی ڕواڵەتی و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاریی بە هەولێر، بە بە پشکەوتنی کەمایەتی و هزریی مانایەکی نییە. ئەو دوو پرسیە شانبەشانی یەکتر و بڕشوەی ئاسایی دەکەن. ناشە سیمای شار لە شارە مودەرنەکان نزیک بێتەوە، هەشتاش پەروەردە و تەرمی خوەندنی حوجرە زاڵتر بێت لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک زانکەدا. ڕاستە ئایندارییی مافی هەر کەسە، بەڵام ناکرێت موفرەداتی پزیشک لە بڕی کانسەپتی پزیشکیی هەمان ئەو زاراوانە بێت بانگخوازە فەندەمینالیستەکان لە گەوجاندنی کەمەگەدا بەکاری دەهێنن، ناشە سنوورەک نەمێنێت لە نێوان پزیشک و بانگخوازدا. ناشە و شیاوی شار نییە، عەقڵی کەمەگە و دانیشتوانەکەی بدرێتە دەست مەلای ڕادیکاڵ و دوا قسە هەمیشە بە ئەوان بڕێ بهەدرێت. ناشە شار بریقەی بێت، لەناو خەیاڵدانی دانیشتوانەکەشیدا ژنکوژیی ئامادەیی هەبێت، ناشە شارەکی جوان بە عەقڵەکی ناشرینی بەسەرچووەوە بەڵەوە ببڕێت. تا ئەو ئەندازەیەی لە ناکرێت لە بەرامبەر ئوسوڵیەتی ئیسلامی، لە باشترین حاڵەتدا کولتووری عیرفان زاڵ بکرێت، ئەمە پێویستمان بە بیرکردنەوەی فەلسەفییە، ئاخر لە دوا ئەنجامدا فەلسەفە ڕووی لە دنیایە، تەوژمێکە بەرەو دەرەوە، هەرچی عیرفانە ڕووی لەناوەوەی مرۆڤە. عیرفان مرۆڤ پاسیڤ دەکات، بەڵام فەلسەفە مرۆڤ ئەکتیڤ

دەکات، وای لە دەکات بیر لە بنیاتنانی دنیا بکاتەوە، مرۆڤی فەلسەفی هەمیشە خەیاڵی هەیە، خەیاڵی خورافی نا، بەڵکو خەیاڵێک زانستی لەسەر رێ دەنرێت و لەسەر زانست بینا بووە.
قسەیەک پێویست بێت لە کۆتاییدا بیکەم ئەمەیە: ئەوەی لە هەولێر کراوە و لە بەرنامەدایە بۆ ئەنجامەدانی، تەنیا ماکیاژ و بۆتەکسکردنی ئەو شارەیە. ئاخر بۆ بە پشکۆوتنە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بە پەکردنەوەی ئەو سپەیسە چینایەتییەی لە زۆقبوونەوەدایە، بۆ بە دابینکردنی ژیانێکی شیاو بۆ دانیشتوانەکەی، بۆ بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئازاد بۆ گوزارشت، بۆبە کایکردنەوەی دەسەڵاتی حزب و فەرهەنگی دەهاتیی، بۆ بە داشتنەوە و ڕەکخستنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، بۆ بە ئیدارەیەکی ناگوندۆ، بۆبە کورتکردنەوەی زمانی مەلا و خۆ، بۆ بە کۆمکردنەوەی بەکاریی و بەرزکردنەوەی ستانداری ژیان و بژێویی، بۆ بە و بۆبە … هەر هەنگاوێک لە بواری تەلارسازیی و شەقامسازییدا کە وەک دوا مۆکرەمەی حزبیی نیشانمان دەدرێت، هیچ لەو شارە ناگونجێت، ئەم بەتەکسە دەتوانێت رووخساری پیرە هەولێر گونجتر بکاتەوە، لە داخکەم ئەو فەرهەنگە پیرە هەروەک خەی دەمنەتەوە و ئەو گۆڕانکارییە رواڵەتییانەش کە وەک گرێی دەروونی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی رووکەش پەرست خەی دەنوێنێت، دواجار دەبنە بەقی تەقیو. ئەم تەزەش بەکۆمەک جیاوازییەوە بەسەر هەر شارێکی تری کوردیدا لە باشووری کوردستاندا دەچەسپێت.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی
ئاپریلی 2020
باکووری زەوی

ووردە باس … پشکۆ ناکام

- لە هونەرمەندێکی شەوکاریان پرسی : چی کاری تێکردی و هاوکاری کردی تا ببیتە هونەرمەندێکی تەشکیلی ؟ ئەویش بە زەردخەنەیەکەوە ووتی : کاتێ دایکم بە من حامیلە بوو هەر خەریکی قووت یانی فڕچە و بۆیە بوو ، دیارە ئەو نە مانگە بەشک لەو فڕچە و بۆیە گەشتەتە منیش و لەگۆ گەورە بوونم خولیا ی ئەم هونەرە بووم ، … خۆکەکە ووتیان نابە و ئەوەی

تە باسی ئەکەی مەنتیق نیە ، هونەرمەندەکەش ووتی : ئەی بە مەنتیق بە خانمێکی بەناو نووسەر لە دەرباری دەسەڵاتا لەبەر ئەوەی لە کاتی حامیلە بوونی دایکی بەو گەڤار و جەریدەی قووت یاوە و ئەمیش پێش لەدایک بوونی بەشی نووسین لە مەشکیا پێ بووە دواتر بە خەیلاک کردن بووە بە نووسەر !! جا گەر هی ئەو خانمە زەردەخەگۆاوە مەنتیق بە ، ئەوەی من دوو جار مەنتیقە..

- لە سایەی سەری حیزب و بنەماڵە دەمەکە کوردستان ناو و ناوبانگی جاش و کلکایەتی لە ناوچەکەیا باو بوو کە هەر جارەی بە لایەک و دەوڵەتێک ، جارێک لە خزمەت (والا حضرت) و جارێکی تر بە (سیدی) وجارێکی تر و تا ئێستاش لەخزمەت(قارداش)، بەنام دونیا دونیای دوێنێ نیە وگۆاوە ، ئێستا بەشەریەت لە قۆناغێکی بەرزئ پێشکەوتنا ئەژی و پەیوەندیەکانی لەسەر ئاستی "گلوبالیزم-عەولەمە" یە جا بەیە ئەو حیزب و بنەماڵانەش ئەبە پیشکەیان گێشە پە بەن و سنووری ناوچەکە بەجبهەن و لەگەڵ عەولەمەیا یەک بگرنەوە ، بەیە ئێستا لە "لیبیا" خەریکی کسابەتی خەیانن وجاشایەتییان بەرەو قۆناغێکی نوە بردوە و لە لەکاییەوە بە نیسو دەوڵەتی، کار وا بەوات رەنگە لە داهاتویا دامەزراوەکیان بە دروست بکرێت بەناوی " رەکخراوی جاشی نەو نەتەوەیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان"…!!!!

*. ئەوە ماوەیەکی دوور و درێژ تێپەیوە تا ئێستا بەختەوەری سەرکی بە ناو حکومەتی هەرێم!! لەوە تێنەگەیشتوە کە حکومەت بەی نیە دەست بخاتە کاروباری پارلەمانەوە ، بەڵکو ئەوە پارلەمانە بە دواچوون بە حکومەت ئەکا و لەکاتی سەرپێچیا لێپرسینەوەی لەگەڵا ئەکا ، بەنام چونکە پارلەمانکەی هەولێر کارتانیە ئەو زاتە بەختەوەرە وەک ئەوەی پارلەمان لیژنەی ناوچەیەکی حیزبەکەی بە داوا ئەکا حەصانە لە یەک دوو پارلەمانتاران بسێننەوە ،بەوام وایە ئەم خروقاتێشی بە بچێتە سەر و پارلەمان بڵێ : قوربان جەنابتان فەرمانەکە بنووسن ئەمەش ئیمزای ئەکەین لە پێناو چەسپاننی دیموکراتیا…!!!

*. سەرەڕای ئەو هەموو ماڵ کاولیەی دەسەڵاتی هەرێم لە هەموو ڕووکانەوە بەسەر خەڵکیا هێناوە هەر کە قسیەک کرا و ووتارێک نووسرا و نارەزایەتییەک شەقامی گرتەوە جوزڵە نەشازکان و قەڵەمە قەڕەقەزکان ئەو خەڵکە بەوە تاوانبار ئەکەن کە

نارەزایەتییەکانیان ئەجینەدای دوو ئیدارەیی لەپشتە !! بە کوردییەکەی ئەم دەستاتە خە سەپەنە چی لەو میللەتە ئەکا کەس بەی نیە فزە بکا کە کرا ئیتر تە دژی یەک ریزی کوردیت..!!ئەتەوەت دوو ئیدارەیی بگەرێتەوە.. ـمن بەش بەحالی خەم دوو ئیدارەیم پە باشترە لە یەک ئیدارەییەک کە لە تیایا بەشەکی خەم بدزرە و لاکی تری ئیدارەکی پە ببە بە ملەونەر !!، من دانیشم سەیرکەم شارەکەم نیمچە وێران بکرە و بەقەد ناحییەکی ئەولا خزمەت نەکرە و بەداهاتی شارەکەم گیرفانەکانی چەن کەسانەکی ئەولای پە پە ببە و بەشم نەبە قسەبکەم !! با ئەو یەک ئیدارەییە هەر نەمێنە ، کە میللەتی قوربەسەر هەر لەژێرەوە بە یەک و دوو یان هەشت ئیدارەیی جیاوازی چیە؟ من قەوارەیەکم بەناوی هەرێمەوە ناوە کە تیایا هاووڵا تی پلە دوو بم، ئەووترێت کە هەموومان هەر کوردین خە ناسریە و کەربەلاش هەدوو شار عەرەبن و دوو ئیدارەی جیاواز بە یەکیان هەیە و هیچ گرفتەک لە ئارایا نیە ، تە بەشەکی خەت ئەبی بە زیایەوە و بەشەکی منیش لەرف لە ئەیەت گوایا ئەمە یەژ یئدارەیی یەک قەوارەییە ! نەخێر ئەمە قەوارەی سیستەمەکی مافیاییە ، تا زووتر نەجاتمان ببە لەی زووتر ئیسراحەت ئەکەین و نانی خەمان بە خەمان و ئیعاشەکەی خەیان بە خەیان ،بەواتان هەبە بە حیمایەی سوپای "تورکی"ش ئەتوانین بە ئیدارەیەکی خەمان کاروباری شارەکەمان بەڕێوە بەرین و پشویستمان بە بانکەکی لوبنانی نابە بە شاردنەوەی داهاتەکانمان.....

ەی باشووری کوردستان لە اپەینی شەخ عوبەیدوڵای نەهریدا-9- ەسوە بەسکەنی

بەشی نەیەم

هەوەی شەخ عوبەیدوڵا بە هەستانەوەی اپەینەکە،

دوای گەیشتنەوەی شەخ عوبەیدوڵا و هەزەکەی بەنەهری و چاوخشاندنەوە و بەسەرکردنەوەی هەزەکانی و هەسەنگاندنی

بارودۆخەکە، دوو مانگ دوای گیرسانەوەی لە نەهری، دیسان شێخ عوبەیدوڵا هەوڵی جوڵانەوەیەکی نوێی دا، کە لە نەهرییەوە دەست پێ بکات، جارێکی دیکە هەوڵەکانی دەست پێ کردەوە، بێ خۆئامادە کردنەوەی بێ درێژەپێدانی ئاپەرین، هەرچەندە خۆئامادەکردنی ئەم جارە لەچاو هەلومەرجی جاری پێشوو سەخت تر بوو، چونکە جەماوەری کوردی ڕۆژهەڵات بەهۆی دزی و تاڵان و سوتاندنی ماڵ و دیهاتەکانیان و کوشتن و دەربەدەریان لەلایەن هێزە تاڵانچیەکانی ئێران، باری ئابووریان تا ئەوپەڕی خراپ بوو و باری دەروونی خەڵکیان شێواو بوو، لەلایەکی تریش ئێران لە ڕۆژهەڵات و ڕووسیا لە باکوور هێزەکانیان لەسەر سنوور مەڕابوون و هێزەکانی عوسمانیش لەناو وڵات بەهەموو شوێنێکدا بڵاو ببوونەوە و پەیوەندی نێوان شارەکانیان بڕی بوو، لەگەڵ ئەوشدا بێ پڵان و بێ هەدادان کۆتە تۆقڵای هەڵایەنێی وڵك:

1- دابین کردن و حەواندنەوەی ئاو لەشاوی (100) هەزار ئاوارێ کوردی لە ئەنجامی شەڕشکەدا چ وڵك لایەنگر و پشتیوانی شەڕش و چ لە ترسی پاراستنی سەر و ماڵیان، لە جگا و ڕۆگای خۆیان هەڵکەنرابوون و بەو زستانە لە سنووركانی ئێران – عوسمانی چووبوونە قەڵەمڕەوی عوسمانی لەو گیرسابوونەوە.

2- دەست پێ کردنەوەی کاری دیبلۆماسی و پەیوەندی تازە دروست کردنەوە لەگەڵ دەوڵەتاندا، بێ ئاگاداربوونیان لە کۆشێی کورد، بە تایبەتیش لای دەوڵەتانی ڕووسیا، ئیگلستان، ئێران-عوسمانی.

3- کەین و پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی و پەویستی شەڕش.

4- بەسەرکردنەوەی زەربەی ڕۆبەرانی خۆ و ناودارانی کورد و نامەی تایبەتی بە نووسین و بانگهێشتنیان بە پشتیوانی لە شەڕش و بەرزکردنەوەی ورە و زیندووکردنەوەی گیانی هیوا و ئاوات تیاياندا.

سەرەڕای ئەوەی تورك داوای چاوپێکەوتن و گفتگۆی شێخ عوبەیدوڵایان دەکرد بە هەمین کردنەوە و بانگ هێشتێی بە ئەستەمبوڵ، شێخ عوبەیدوڵا بانگەوازی بە سەرۆك هۆز و خۆەکان کرد و لەگەڵ نوێنەری تایبەتی خۆی دا نامە و ڕاسپاردەی بە ناردن، تاکو بەشداری ئاپەرینەکە بکەن، لەم بارەیەوە حەسەن عەلی خانی گەووسی لە 3ی ڕەبیعی دووەم 1298 کۆچی (4- 3- 1881ز) لە نامەیەکدا بە ناسرەدین شای قاجار دەنووسێت: "دوێنێش کە دوایین ڕۆژی (ڕەبیعی یەکەم) بوو، ئەم هەواڵە ڕاست و دروستە، کە دەماودەم هاتووە، بەگیانفیدا گەیشتبوو لەبەر ئەوەی بڵاوکردنەوەی بانگەوازنامە تازەکانی شێخ عوبەیدوڵا و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی بابی عالی دا، هیچ گومانێك نەماوە، بەیە ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتان بەپەویست زانرا، دەربارەی هەواڵی هەمزاغاش، داروباری نازانرێ، چونکە لەهەموو

جێگایەکدایە، هەندێ جاریش لە "پشدەر"ە داروباری ژێرو ژوور بووە، و کەسی بەدوورەوە نەماوە و تەنیا ماوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئێل و هۆزەکەی لەبەرامبەریدا ئێو پێی ملکەچیان هەیە، هێشتا چەند کەسێکی ئێم خزمەکەی لەگەڵدایە، سەرەڕای ئەوەش هەمزاغا کەسێکی ئازا و دڵست لەگیان بەرداوە، هەر ئەوەندەی بەفر بتوێتەوە و ڕێگاوبان بکرێنەوە، ئیتر ئاگەر هەر خۆشی بەتەنیا بمێنێتەوە، وەك دز لێم و ئێو کونەوە سەر دەردێنێ و خۆی نیشان دەدات، بەڵێ بەرچاوگرتنی ئێو سەرنجانەی عەرز کران، دەبێ هەڵسوکەوتی غافڵ نەبین و لێی ئەرخایەن نەبین.

...ئەستاش بەهاتنی ئێو ئەفسەر* جەنگیێ و دیداری لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و هێنانی خەڵاتی قایممقام بۆ برا و کوێی گەورەی هەمزاغا و ڕێپدان و پشتیوانی لەئێلی مەنگوێ، لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە و ئێوەی تائێستا بۆ ئازاوەی (عەبیدوڵڵا)، کارەکی وانەکراوە، وادەردەکەوێ ئێم دەوڵەتە سەبارەت بەم کێشەیە چاوپێشی بکات".

لە دوایین بڕیشی پێگرافی، نامەیەکی تری میرزا نیزام حەسەن عەلی خانی گەووسی بە مەژووی: 8ی ڕەبیعی دووەمی 1298 کۆچی- (9- 3- 1881ز) بۆ ئەمینولمولك: میرزا عەلی خان – (ئەمینولدەولە) دەنووسێت:

" لە سەی ئێم مانگدا بانگوازنامەکانی (شێخ عوبەیدوڵڵا)م بەتەلگراف عەرزکردن و دەقی بانگوازەکیشم بۆپەستدا بۆ ناردن، ئێستا پەیتا پەیتا هەواڵ دێت، گوایێ شێخی مەلعون، خەریکی خەسازدانە بۆرو ڕێواندز. لێم خۆ سازکردنەش مەبەستی ئێوەیە لەگەڵ ئێو خەڵانەی لەدەرەوە و ناوەوە پێوەندی بووە، ئێستا هەموویان لە گەرمیان و لەخاکی عوسمانیدا، دەست بدەنە دەستی یەك و دیسانەوە ببنە مایەی کارەساتێك، بەگەش بۆ ئێمە ئێوەیە لێم ماوەیەدا هەوالی بۆ هێندە لایەنگرانی خۆی لە (سەدوز) ناردووە، تا خۆیان لە (قەرەپاغ) دووربخەنەوە، چونکە شێخ نیازی شەڕشی هەیە و بۆ ئەمەش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ڕێگای پێدراوە".

بەگومان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لەو هەوە و تەقەلایانە بۆ ئاگانەبوون، بەتایبەت ئێران دەیویست هەرچی زووتره شێخ عوبەیدوڵڵا دەستگیر بکرێ و کۆتایی بە شەڕشی کورد بهێنرێ، لەوبارەیەوە مستەر تێمسن لە 31 کانوونی دووەمی 1881 لە نامەیەکیدا بۆ ئیرل گرانفیل دەڵێت: دوێنێ وەزیری دەرەوەی ئێران دوو بروسکەی بۆ خوێندمەوە، کە شێخ عوبەیدوڵڵا بەکردەوە چالاکانە خەریکی خۆئامادەکردن و سازدان بووە، بۆ دەستپێکردنەوەی کاری دوشمنکارانە لەگەڵ ئەم وڵاتە، حکومەتی تورکیش هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ ڕێگرتن لێی لەکردنەوە

و سازدانی لەشکر و کەینی چەك بۆ ئەو مەبەستە. ئەوە گریمانێکی زۆر دەبێت لەبەهاردا هوروژمێکی نوێ لەناو تورکیاوە بۆ ناو ئێران ڕوو بدات.
لە 1ی فێبریوەری 1881 چەندین نامە لەنێوان نوێنەرانی بەریتانیا و شادا ئاڵوگۆڕ کران سەبارەت بە هەوڵی نوێی شێخ عوبەیدوڵڵا دەدوێت و مەترسی ئەوە دەکەن، لەوەرزی بەهاردا سەر لەنوێ دەست پێبکاتەوە، پاشان بۆ بەرهەڵستی کردنەوەشی، ئێران هەوڵی دڵنیاکردنەوەی هاوکاری و دڵستایەتی بەریتانیا و ڕووسیای دەکردەوە، بۆ پشتگیری کردنی، لەڕاستیدا ڕووسیا و بەریتانیا هەوڵستێکی نەگۆڕیان بەرامبەر ئێران و بارودۆخەکە هەبوو. هەرچەندە شێخ عوبەیدوڵڵا هەوڵی جوڵانەوەیەکی نوێی دا، بەڵام بارودۆخەکە لەبار نەبوو، لە ڕێگرتنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا پاشان ئێران و ڕووسیا و بەریتانیا بەهەموو جۆرێك هانی عوسمانییەکانیان دەدا ڕێگا لە بزوتنەوەکەی شێخ بگرێت، هەروەها هێزی عوسمانی گەمارۆی پردی نێوان شێخ و شارەکانی نێوقەڵەمڕەوی عوسمانییان دابوو، بۆ ئەوەی هیچ هاوکارییەکیان بۆ نەچێت، سەرەڕای ئەوانیش هێزەکانی ئێران لەسنووری ئێران – عوسمانی دا بوون و بەرەی خەرهەڵاتیان تەنیبوو، لەبەرەی خەرهەڵاتیشەوە هێزەکانی ڕووسیا لەماکۆ و جوڵفا بوون بۆ دژایەتی کردنی ڕاپەڕینەکە. خاڵێکی هەرە گرنگ بریتی بوو لە تێکچوونی پێوەندی نێوان خێڵەکانی کورد، واتە نەمانی یەکێتی کوردان، ئەویش لەڕێی داگیرکردنەوەی ئەو ناوچە کوردنشینانەی لەلایەن قاجارەکانەوە چەندین جار سزادانیان بەرامبەریان دەگرتەبەر.

گفتوگۆ لەگەڵ تورك

لەگەڵ بانگەواز و هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ دووبارە جێشدانەوەی خەڵك بۆ ڕاپەڕین، بۆ ئاگاز نەبوونی بارودۆخەکە کاربەدەستانی تورك دەیانویست شێخ بەخۆشی بخەنە داوەوە، کەوتنە هاتوچۆ بۆ لای و گفتوگۆ لەگەڵیدا بۆ ئەوەی بیبەن بۆ ئەستەمبوڵ، هەوڵیاندا ڕەزامەندی شێخ بەدەست بێنن، تا واز لە شۆڕشەکەی بێنێ، سوڵتان عەبدولحەمید نوێنەری تایبەتی خۆی (ئەحمەد بەگی یاوەری) نارده لای بەمەبەستی قایل کردنی شێخ تا سەردانی ئەستەمبوڵ بکات، ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سوڵتان، لەپاش ئەوەی سەردانی شێخی کرد، دوای گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا و سێ ڕۆژ لەلای شێخ مانەوە، شێخ عوبەیدوڵڵا لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی و شێخ محەمەد سەعید دا ناردی سەردانی هەولێریان کرد، تا لەگەڵ سەرۆك هێزەکان و ژمارەیەك لە ناودارانی ناوچەکە، چاویان بەیەك بکەوێت. بۆ ئەوەی خواستی

سەرۆك هۆزەكان بزانن بۆ پشتیوانی شێخ و دروست كردنی قەوارەیەكی سەربەخۆ، شێخ دەبێ خۆشی هیوای بەبەڕێنەكانی تورك هەبووبێ، چونكە بەو بڕنەیەوە نامەی بۆ كوردەكانی سنوور و لایەنگران و ئاوارەكان نووسیوە و ئاماژەی بەو بابەتە داوە.
لەنامەیەكدا كە بۆ (محەمەد ئاغای ئاكۆ)ی نووسیوە، هانی داون یەكدێ و یەككگرتووبن و تیایدا ئاگادار كراوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی تریەوە پشتیوانی لە كێشەی كورد كراوە و شێخ بەهیوایە لە داهاتوویەكی نزیكدا هەموو كاروبارەكان بەگوێرەی خواستی كورد بێت، ئینجا داوای كردووە لەسەردانی شێخ عەبدولقادر و شێخ محەمەد سەعید لەگەڵ ئەحمەدبەگی یاوەر بۆ هەولێر بچن كۆبنەوە و چاوپێكەوتنی لەگەڵدا بكەن، لەو بارەیەوە حەسەن عەلی خانی گەووسی فەرماندەی مەهاباد، یەكێك لەو بانگەوازنامانەی شێخی دەستكەوتووە و لەگەڵ نامەیەكی خێدا شای ئێرانی لەو هەوڵە ئاگادار كردووەتەوە، لە ڕێشنووسی دامەزنی تەلگرافێكدا، لە مێژووی (3ی ڕێبیعی دووەمی 1298 كۆچی) (4- 3- 1881ز) بۆ ناسرەدین شای ناردووە، دەڵێت:
نامەی ژمارە:63
لاپەڕە: 191
مێژوو: 3ی ڕێبیعی دووەمی 1298كۆچی (4- 3- 1881ز)
ڕێشنووسێكە لە دامەزنی تەلگرافێكدا، لە مێژووی (3ی ڕێبیعی دووەمی 1298 كۆچی) پەیوەیە بە خۆیی، بڕیاری موبارەك عەرز كراوە:
"لەو ڕێكەوتە چاكانەی لەكاتی تەواو كردنی ئەم نامەیەدا بووم، لەلایەن ئیبراهیم ئاغای برای خوالێخۆش بوو (گوناوی ئاغا)وە، كە بۆ ئاپەڕاندنی هەندێ كار و وەرگرتنی (پێشكەشی)ی خۆیكی (سەردەشت) ناردبووم، نامەیەك گەیشت، دیارە دەبێ ئەسڵی یەكەك لەو بانگەوازانە بێ كە شێخی مەلعون، ناردوویەتی و بەدەست ئیبراهیم ئاغا كەوتووە و ئەویش هەمان نامەی بۆ ئەم گیانفیدایە ناردووە، كە ئاراستەی (محەمەد ئاغای ئاكۆ)ی كردووە، كە یەكێكە لەسەرانی عەشایری قەرەمووی عوسمانی، لەم نامەیشیەوە، ئەو گەنجەوەی (محەمەد ئاغای مامش) دەسڵەمێ، كە پشتریش وتبووی ئاستێ و بەمەری خودی (شێخ عوبەیدوڵا)وەیە و ئەمەش دەقی نامەكەیە:
"دەستی ئاستگەی پایەبەرز: محەمەد ئاغای ئاكۆ- خوا بتپارێزێ"
دوای گەیاندنی سڵاوی ئەوپەڕی دەستانێ، ئاگەر لەووی دەستایەتی و ئاستیەوە، لەمن دەپرسیت، سوپاس بۆ خوا و دنیا و كاروباریش بەدەی دەسەزانێ، لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانیەوە، هەڕا و بەختەوەر: جەنابی ئەحمەد بەگی یاوەری تایبەتی حەزرەتی موبارەكی شاهانە، بۆ هەندێ كاری تایبەتی و نهێنی هاتووە، لە هیممەتی

پیرانی مەزنەوە ئەوەی مەبەست و ئاواتی ئەمە بووە، هەر ئەمەیە، لە دەوڵەتاندا عەجەمیان بە ناهەق داناوە، و هەقیان بە ئەمە داوە، بە نوێنی و شارەزایش، جەنابی یاوەر و هاوڕێکانی، نوری چاوان، شێخ عەبدولقادر و شێخ محەمەد سەعیدم تا ڕواندز و هەولێر لەگڵ دا ناردوون، بۆیە بە پێویستم زانی پێشتر ئۆشش ئاگادار بکەمەوە، تا پێشوازی و چاوپێکەوتنی ناوبراو بکەن، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئاگادارییان لە هەموو شتێکە و هەموو باسێکیان بە تەواوی بە شیدەکەنەوە.
بەکورتی لایەن دەوڵەتانەوە، کاروبار بەدڵی ئەمەیە، ئەوندە هەیە، دەبە خێکی کوردستان یەکدە و یەکگرتووبن، سوپاس بە خوا، کوردستانی قێی ئێنادێ، یەکدە و یەکگرتوون، هیوادارم لە قێی عێراقیشەوە هەروابن، غیرەتی ئایین و ئیسلامیش لەدەست مەدەن، هەمیشە چاوەڕێی موژدەی سەلامەتیتانم، ئیتر بەدوعا".
12ی ڕەبیعی یەکەمی 1298 کۆچی- (12- 2- 1881ز)

لەم بانگەوازنامەیەوە ئەوە دەسەلمە، لەڕێگای (ئەحمەد بەگی یاوەر)ەوە لایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە، دۆنیایی و پشتیوانی تەواو بە (شێخ) دراوە، ئەگینا ئەم هەر لەخۆیەوە و بە پرس، ناتوانێ ئاوا بۆئاشکرا، ئەم بانگەوازنامانە بە سەرانی عەشایری قێمەوی عوسمانی و کەسانی تر و شونانی تر بنێرێ.
دەوڵەتی پایەبەیندی ئەمەش، بەڕێگای لەمە چاکتری چنگ ناکەوێ، لەسەر ئەو گونەدانەی دەوڵەتی عوسمانی، کە نایەوە خراپکاریێکانی شێخ لەناوبەرێ و لەبارەی پشتیوانی کردنی نهێنی و ئاشکرای ئەو دەوڵەتشەوە، بەڕێگای لەم بانگەوازنامە چاکتر بەدەستەونین، کە گیانفیدا بەهەمان نەکەردا، کە ئەم تەلگرافنامەیەم پێدا ناردووە، هەمان ئەم بانگەوازنامەیەشم کردە هاوپێچی و بەناونیشانی جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەشدا بە تەورەزم ناردووە و لە سەرەکی پێستەخانشم سەلماندەوە، دەبە ئەم نامەیە بەتایبەتی بە تاران، بە جەنابی وەزیری کاروباری دەرەوەش بگەیەنن و بەرچاوی ڕوونا کی هومایەنانشدا تەپڕبە.
3ی ڕەبیعی دووەمی 1298 کۆچی- (4- 3- 1881ز)

یەکێکی تر لە بانگەوازنامەکانی شێخ عوبەیدوڵا کە بە مامەند ئاغای پیرانی ناردووە، تیایدا ئاگادار کراوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی تریەوە پشتیوانی لە کێشەی کورد کراوە و شێخ بەهیوایە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کاروبارەکان بەگوێرەی خواستی کورد بێت،(هەمزاغال119) هەبەت هەندێك کار و ئاسپاردەی

نهێنی هەن لەناو نامەدا جێیان نابێتەوە و بۆ نووسین ناشێن، شێخ ئەو ڕاسپاردانەی بەدەمی بەنوێنەرەکەی خۆیدا ڕاسپاردووە، تاکو بیگەیەنن بە مامەندئاغا و لایەنی پێوەندیدار، بانگەوازنامەکە دەست حەسەن عەلی خان کەووتووە و ئەویش لەگەڵ چەندین زانیاری تر دەربارەی هەوڵ و تەقەلاکانی شیخ عوبەیدوڵڵا بۆ درێژەپێدانی شۆڕش، لەگەڵ نامەیەکدا لە مێژووی: 10ی ڕەبیعی دووەمی 1298 کۆچی (11- 3- 1881ز) ئاراستەی ناسرەدین شای قاجاری کردووە و دەڵێت:
نامەی ژمارە: 64
لاپەڕە: 194
مێژوو: 10ی ڕەبیعی دووەمی 1298 کۆچی (11- 3- 1881ز)
لە(3ی ڕەبیعی دووەم)دا، دەقی نامەیەکی (محەمەد ئاغای مامەش) و وێنەی نامەی (شێخ عوبەیدوڵڵا)م بۆتێلگراف عەرزکردووە و ئاسۆکەشی لە ڕۆژگای پەستی تۆرزاوە، بۆ جێنابی وەزیری کاروباری دەرەوەم ناردبوو، لەم دوو ڕۆژەشدا هەندێ زانیاری تر، بۆگیانفیدا گێیشتوون، بریتین لە:
یەکەم: دیسانەوە وێنەی بانگەوازنامەیەکی تری شێخ عوبەیدوڵڵایە، بۆ (مامەندئاغای پیران)ی نووسیوە و ئەمەش دەقەکەیەتی: "پایەبەندی ڕاستی پیشە، مامەند ئاغا- خوابیپارێزێ" هەمیشە هاوجووتی سەرفرازی بووی بیت. ئیتر ئۆگەر لەووی خۆشویستی پاکەوە هەواڵمان بپرسیت، سوپاس بۆ خوا، کاروبار بەدڵی دڵخوازانە، لەم ڕۆژانەدا (ئەحمەد بەگ)ی یاوەری تایبەتی حەزرەتی سوڵتان، سەربارەت بەبۆ کاری تایبەتی و نهێنی، تەشریفی بۆ ئێرە هێنا بوو، لەبەخشندەیی خواوە کاروبار بەدڵی دەسزانە. هەموو دەوڵەتان، دەوڵەتی عەجەمیان بۆتاوانبار و ناهەق داناوە و هەق بۆ ئەمە دراوە، هەموو دەوڵەتان نیازیان وایە کوردستان بەدنە دەست خەمان، ئۆگەر لەخۆکی کوردستانەوە شتێك نەوەشێتەوە، کار تەواو بووە، ئەوەندە هەیە ئەمە لەسەر یەکێتیی خەمان سوور بین و ئاوارەکان ئارامیان هەبێ و ددان بەخۆیان بگرن و بۆ لای عەجەم نۆگڕانەوە، چونکە عەجەم گێوەتە تەنگانە و بۆقسەی پووپوچ و تەڵەکە، هەوێی دەدانەوە و ڕاکشانی هۆزاتووکان دەدات، دیارە تا بۆتان دەکرێ وریان بەرز بکەنەوە و هانیان بدەن و ئامۆژگاری هۆزاتووکان بکەن و بڵێن ئەم هەموو ددانتان بەخۆتاندا گرتووە، کەمکی تریش ئارام بگرن، چونکە کاروبار بەدڵی هەمووان دەبێ، بەیشم دەرکەوتووە ئەو جێنابە، بۆ پشتیوانی و دڵنەوایی ئەوە تەدەکشێت. ئافەرین بۆ ئەوە. دیارە ئەوەش لە جاران زیاتر پشتیوانیان دەکەن.خوا بیەوێ پاداشتی ئەوە بەهەدەر ناچێ. بۆ ڕزگارکردنی جێنابی یاوەر، نووری چاوانم: شێخ عەبدولقادر و شێخ حەمە سەعیدم تا ڕاوەندز و هەولێر

لەگەڵدا ناردن، بۆ پێویستم زانی پێشتر ئۆوەش ئاگادار بکەمەوە، کە پێشوازی و دیتنی پێویستە و ئۆوەش لەهەموو هەواڵێك ئاگاداربن. بۆ کاریش هەن، لەنامەدا جێگایان نابێتەوە. ئیتر دنیا بەدڵتان دەبێت. خوا بتانپارێزێ. دووەم: نامەیەکە مەلا محەمەدئەمین سابڵاخی، کە ئێستا خەڵکی لە (بانە)یە و بۆ (مەلا عەبدوڵا)ی بڕای لە سابڵاخ نووسیوە و ئەمەش دەقەکەیەتی: " داوای دەنگوباستان کردبوو، ئەمڕۆ کە ڕۆژی پێنج شەمە، ڕێکەوتی 3ی ئەم مانگەیە- نامەیەکی (حاجی کەریم)، بۆ برایەکی هاتووە، بۆ کاری بازرگانی لەرەیە، تیایدا نووسیویەتی: ڕۆژنامەیەکی ئینگلیسی، کە بۆ (کەریم قەرانتین) هاتبوو، ئۆوەی تێدا چاپ کراوە، هەرچی کوردستانە، بۆ(شێخ عوبەیدوڵا)یان داوە، جێنابیشیان ئازیبوون، هەموو ڕۆژێکیش سەرباز و زەخیرەیەکی زۆر بۆ (سلێمانی) دێت. نووسیویشتی: دەبێ (70) حەفتا تابووریش بخرێتە ژێر دەسەڵاتی شێخ عوبەیدوڵاوە. جگەلەمە، ئیتر هەواڵێکی تر نییە، بەڵام ئاشکرایە ئەم بەهارە، ئاژاوە و فەرتەنەیەکی گەورە، دەقەومە، ئیتر خۆشتان سەرپشکن، پێویستی بە وتنی ئەمە و مانان نییە و خۆتان عەقڵتان هەیە. سێیەم: لە زمانی (حاجی ئەبوبەکری ڕەواندزی)یەوە- کەجێی باوەڕە- ئۆوە بیستراوە: ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سوڵتان (عەبدولحەمید)، دوای ئۆوەی (3) ڕۆژ لەمانی شێخ عوبەیدوڵا ماوەتەوە و چەندان جار بە دوو قۆڵی، وتوێژی نهێنیان کردووە و دوای ئۆوەی شێخی ئەرخایەن کردووە، ئۆوسا لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ و شێخ محەمەد سەعیدی برازای شێخ عوبەیدوڵادا، گەیشتوونەتە (ڕەواندز) و قایممقامی ئۆوە ئۆوەی پێویستی ڕێز و حورمەت بووبێت، بەجێی هێناوە و لەمانی (مستەفا بەگ) یش، ئەسپێکیان بە ڕەختی زیوەوە پێشکەشی بە کوڕی شێخ کردووە. هەر بەو جۆرە، هەمان دەستە، لەوشۆوە بەرەو (هەولێر) چوون و لەوێش بەڕێنوونی و ئامۆژگاری (ئەحمەد بەگی یاوەر) کەبوونەوێکیان بەو سەرۆك عەشایەر و جەماوەرە کردووە، کە پێشتر شێخ عوبەیدوڵا لە هەموو ناوچەکانەوە بانگهێشتنی کردوون و هەر لەوێش- کە ناوەندی تەلگرافخانەیە- تەلگرافێکی تەروتەسەلیان بە خاوەن شکۆ سوڵتان، بە سکاڵا و گازندەوە ، بەمجۆرە کردووە: "…بەچی دەوڵەتی ڕووس، لایەنگیری لە کەمێ و دینی خۆی، بە پشتیوانی لەگەڵی (قەرەپەپاغ) و (سربستان) کردووە، کەچی ئۆوە کە خەلیفەی موسەمانانن، چۆن ڕازی دەبن، دەوڵەتی عەجەم بە خزمەتی مزگەوتی خۆی، خوێنی ئەمە بڕێژێ و ماڵمان تاڵان بکات و مزگەوتمان بگرێ و لە نیشتمانی ڕاستقینەی خۆشمان ئاوارەمان بکات"!؟.. ئەمە پوختەی ئۆو دەنگوباس و نموونەی ئۆو نامانەبوون، لەم دووسێ ڕۆژە، چنگخراون، چەند ڕۆژکێش هەر ئەم دەنگوباسانە، زۆر لەناو خەڵکدا

باون و پویستیش بوتر، باوبوونوی ئو هواانە، لم سنوورانە، بتایبەتیش لم شاردا، کاردانوی خراپی هەبە، لوانە: لو ژاوەی ئم هواانە باو بوونتوە، لگڵ ئاوەشدا خڵکی (سەردەشت) لە نیشاندانی ملکەچییاندا بە دەوڵەت بیانوویان دەزییوە و ناو بە ناوەك ملکەچی و دانی (باج) و هاتنی خیان، بەبەنی ئمڵە و سبەینە بسەردەبرد، کەچی لو ژاوەی ئو هواانە باوبوونتوە، ئیتر لە دانی (باج)یش، خیان نەبان کردوو و (ماندئاغا)ش کە بە وەرگرتنی (باج) بە ئوم ناردبوو، دەنگیان داوە. بەهای باوبوونوی ئم بانگەوازنامانوە، کە بەلای زۆرەوە ئاستن و هەر بو جارەش دوو ژاژ لەموبەر عەرزم کردبوو، پکهێنانی سەربازگیەك لە (لاجان)، یکجار پویستە، تا ئگەر لەلایەن شخی مەلعونیشوە، بزووتنوەیەك ڕووبدات، ڕگای سەرکی و دەربازگەی ئو، هەر (شنە) و (لاجان)ە، بەهموو لکدانیکیش کە هەیە، وا بچاکتر دەزانرێ، هەتا زووتر ئوە قایم بکرێ، باشتر دەبە و ئو هزەش بە ئم مەبەستە، لبیری ڕشنی ئوەدایە، با زووتر لە (دارالخلافە- تاران) ڕوە ڕووە و ئم سنوورە بنەردرێ. (لدامەنی ئم ئاپرتدا و هەر بە مژووی سەرەوە، ئم پڕگرافش بشوەی چەلیبا* نووسرابوو):

لدوای تواو کردنی ئم نامیدا، ئوەش عەرز دکەم لچەند ژاژی بڕوودا، جاسوسکی تایبەتم بە (سلەمانی) ناردبوو، لم ساتدا گەیشتە و نامیەکی لە (مستەفا ساباخی) یەوە، – کئەستا لسلەمانییە، بە (قادرئاغا)هناوە و ناوەڕکەکەی کت و مت وەك ئو دەنگوباسانەی سەرەوە، سەرباری ئوانش نووسیوەتی: پیتا پیتا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی یەوە، هەزی سەرباز و جبەخانە، بە (سلەمانی) دەن، هەر لو ژاژدا (3) تابوور سەرباز بە ناوچەی (پشدەر) نەردراوە و لە ئستەمبوێشوە، تلگراف گیشتووە، کە هموو هزی عەرەبی عەراق خیان لبەر بکەن و چکدار بکرێن و چاوەڕی فرمانی تازەبن.

10ی ڕبیعی دووەمی 1298 کچی (11- 3- 1881ز)

پەراوێزەکان:

- مەبەست لە ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سوتان عەبدولحەمیدە، کە وەك نوێنەری تایبەتی سوتان هاتە لای شخ عوبەیدوڵا تازی بکات سەردانی ئەستەمبوڵ بکات بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سوتان.

** هزی پیران لە بیتوێن نیشتەجێن، ئەو کاتە سەرکی هزەکە

مامەندئاغای پیران بوو، ناوەندی هێزەکەش گوندی سەرخمە بوو لە بیتوێن.
*** چڵیبا: شۆیەکی تایبەتی خەت نووسینە، کە خەشنووسەکان بۆ مەشق و ئاهەنگان و نموونەی خەیان بۆکاری دەهێنن، ئەمجارە نووسینە زۆرتر حەرف و نووسین، لەسەر یەکتر دووبارە دەکەنەوە و تەکەڵاو و پەکەڵاو دەکەن. بۆ ئاگاداری خوێنەرانیش دەبێ بڵێم کە: حەسەن عەلی خانی گەووسی- خاوەنی ئەم نامانە، یەکێکە لەخەشنووسە بەناوبانگەکانی ئێران.

ماویەتی ……

کازمی کەدەنگی نیشتمانییە یان کەدەنگی گەندەکارانە؟ … ئەحمەد رەجەب

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکانی گەلی عێراق بە هەی پەتای کۆرناو دابەزینی نرخی نەوت و هەرەسهێنانی سامان و ئابووری وڵات دژوارو قورستر ئەبێت و ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تردەوە حزبە گەندەڵەکانی پشکپشکێنە شەریانە لە سەر پلەو پایەو دابەشکردنی پێستەکانیان لە کابینەکەی سەرۆك وەزیرانی ئاسپێردراو مستەفا کازمی و هەمووشیان درێزنن و ئەیین کازمیمان سەرپشك کردووە ئازادانەو سەربەخۆ وەزیرەکانی دیاری بکات..
ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی بەغداو شارەکانی ناوەڕاست و خواری عێراق لە 1 تشرینی یەکەم { ئوکتۆبەر} ی ساڵی 2019 تا سەرهەڵدانی کۆرنا ببوونە مایەی سەر ئێشە بۆ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و دەستوپەیوەندەکانی و دەستی دەرەکی کە لەلایەن خۆپیشاندەران بە بکوژانی زیاتر لە 600 و بریندارکردنی زیاتر لە 25000 و گرتن و زیندانیکردنی هەزاران وبەسەروشوێنکردنی زیاتر لە هەزار چالاکەوان و هاوڵاتی تاوانبارن و هەرزوو عادل عەبدولمەهدی دەستی لەکارکێشایەوە.
نزیکەی 6 مانگە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان هەگیرساوەو خوێنکی زۆریش

رژاوەو، نە کازمی و نە حزبە گەندەلەکان بە هیچ شێوەیەك باسی راپەرینەکە ناکەن و، داخوازییەکانی جەماوەری گەل پشتگوێ ئەخەن و، ئەم پشتگوێخستنە ئەبێتە هۆی دروستبوونی هەراو هوریاو بار گرژی گەورەترو مەترسیدارتر لەوانەی پێشتر رووياندا‌وەو، ئەمەش هاوکاتە لە گەڵ بڵاوبوونەوەی کۆرناو تەنگوچەڵەمەی کێشەی قوڵی ئابووری و، لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك لە سەر چارەسەرکردنی کێشەکان بکرێت و، لە پێش هەموو کارێك هەڵپژاردنی پێشوەختەو، کازمی لێبڕاوەنگەڵ بە پێچەوانەی محەمەد تەوفیق عەڵاوی کە وادەیەکی دیاریکردو، وادەکەش لە سالێك تێنەپەڕێت هەڵپژاردنی گشتی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق ئەنجام بدات.ssssssssssssss
سەرۆك کۆمار بەرهەم ساڵح لە رۆژی راسپاردنی مستەفا کازمی بۆ پێکهێنانی حکومەت وتی : کەش و هەوای ئەمڕۆ ""دیموکراتیانەیە"" و، لە رابردوودا کاتێکی دژوارمان لە مێژووی عێراقدا بەسەربردو رووبەرووی ناڕەزایی جەماوەری بەرفراوان بووینەوەو، داوای چاکسازی و راستکردنەوەی هێلی سیاسی ولاتەکەمانیان ئەکرد لە گواستنەوەی دەسەڵات و دەست لە کار کێشانەوەی عادل عەبدوالمەهدی، پێخۆشحاڵم بە"" کەدەنگی نیشتمانی"" کازمی رائەسپێرم و، پرسیار ئەوەیە سەرۆك باسی کام کەدەنگ ئەکەن؟ زیاتر لە نۆەی خەڵکی عێراق راپەریوەو کازمیان ناوێت و بە بکۆژی خێپیشاندەران و دزو پیاوی بێگانە ناوی ئەبەن و، هەر بەرزتان کە لە گەل نوێنەری خێپیشاندەرەکان کۆ بوونەوەو وتتان داخوازییەکانتان رەوایەو کەسێکی گونجاو بۆ سەرۆك وەزیران دائەنێن و، باسی کام کەدەنگی ئەکەن؟ کەدەنگی حزبە شیعەکان، حزبەکانی پشکپشکێنەو گەندەڵی و مافیاو دز ماوەی 17 ساڵە خەڵك ئەکوژن و سوکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤەوە ئەکەن و پارەو سامانی عێراقیان دزی و هەریەك کورو کورەزاو و براو ئامۆزاو و خزمی خۆی هێناوەو، خەڵکیش نانیان نییە بیخۆن!.
حزبەکانی شیعە ئەزانن بەرهەم ساڵح لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی عەبدوالمەهدی چەندین جار ناوی کازمی بۆ سەرۆك وەزیران هێناوەو ئەوان پێی رازینەبوون و، لە دانانی عەدنان زورفی تووشی کێشە بوو تەنانەت هەندێ لە حزبەکانی شیعە بەتایبەت تاقمی بەدر بە سەرکایەتی هادی عامری کە پیاوی ئێرانە ویستیان کاری خراپ و نەشیاو دژ بە بەرهەم ساڵح ئەنجام بدەن بەڵام لە بەر گرژی وناتەبایی ناوماڵی حزبە گەندەڵەکان وبێتوانایان سەرۆك کۆمار هوشداری ئەوەیدا ئەگەر لایەنەکان ڕێگری لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە سەرکایەتی کازمی بکەن، ئەوە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی بەکارئەهێنێت و پەرلەمان هەڵئەوەشێنێتەوەو حکومەتی کاتی پێکئەهێنێت.

گیروگرفت و کێشەکانی کازمی پێ پێشکەشکردنی کابینەکەی لەمڕۆوە دەستپێئەکات و، حزبە گەندەڵەکان سورن لەسەر پشکی خۆیان بە پێی(بەرکەوتی هەڵپژاردن) و، پێشتر وتیان کازمی ئازادو سەربەخۆیە لە دانانی وەزیرەکان و، لە ئێستادا
رووبەرووی ناکۆکی و بارقورسی ئەبێتەوە لە دانانی کەسانی تکنۆقرات و رازیکردنی ئەو حزبانە و، وادەرئەکەوێت حکومەتەکەی کازمی دوور نییە لە سیستەمی پشکپشکێنەی حزبەکان و پێکهاتەکان کە بە (بەرکەوتەی هەڵپژاردن) ناسراوەو، ئەمەش پاڵ بە چاودێران و تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان ئەنێت زۆر گەشبین نەبن لە حکومەتەکەی کازمی چونکە هاوشێوەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدیە لە بیرکەی دامەزراندن و دابەشکردنی پشکی حزبەکان بە سەر بلۆکەکان (کوتلەکان) و هێزە سیاسییەکان.
چەلەحانی و دەمەقاڵە لە نێوان حزبە کانی پشکپشکێنە گەرمەو هەریەك لە سەر ئاوازێك ئەخوێنێت بێ نموونە سائیرونی موقتەدای خاهەکەش ئەییت .ئگەر کارنامەی حکومەت داواکارییکانی ئێوان و خێپیشاندەرانی تیادا جێگەی نەکرابێتەوە ئەوا ئامادە نین لە پەرلەماندا دەنگی پێبدەن و پێویستە حکومەتەکەی کازمی رووبەرووی گەندەڵی و گەندەڵکاران ببێتەوەو پرۆژەی چاکسازی بخاتەوو، تاقمی (الفتح) ی عامری گاڵتەی بە هەڵپژاردنی کازمی دێت و بە ئاشکرا پێدائەگرێت بێ ئەوەی زۆرتری بەرکەوێت و، جموجۆڵ بە مانەوەی مەلیشیاکان لە کاردایەو عامری و مالکی و عەمار الحەکیم ئەیێن پێویستە هێز لە دەستی شیعە بمێنێتەوەو، تاقمێکی تریان داوای تەسەندنەوەی خوێنی قاسم سلێمانی و مەهدی موهەندیس ئەکەن و، تورکمان داوا ئەکەن پشکی پێکهاتەکان (جیا لە عەرەب و کورد) پشتگوێی نەخرێت و، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزەو خەڵك وایئەزانی راسپاردنی کازمی سەرەتای قۆناغێکی نوێە لە سەر ئاستی یەکێتی نیشتمانی و کازمی بە سەر تایفەگەری و گەندەڵی زاڵ ئەبێت و، بە هیچ شێوەیەك رازی نابێت کەس فەرز بکرێت بەسام هەموو کارەکانی بە پێچەوانەی خواستی ئەو ئەکرێت.
حزبە شیعەکان لە سەر پێستی وەزیرەکان شەریانەو هەموویان بێ بەرژەوەندی خۆیان باسی دەستوور ئەکەن و، حزبی واش هەیە بە ترس و لەرزو لە ژێر لێوەوە ئاماژە بە خێپیشاندانەکان و تێکۆشانی شەقام ئەدات.
هەرچەندە کورد بە هێی نامەی پشتگیری پێشوەختەی نێچیرڤان بارزانی سەرکی هەرێم لە کازمی هەڵەیەکی گەورەی کردو پاشان مەسعود بارزانی و لاهور شیخ جەنگی لە ڕێی تەلەفونەوە پشتگیری خۆیان نیشاندا تا ئەم کاتە هیچ گفتوگۆیەکی فەرمی لە نێوان کوردو کازمی

نەکراوەو بەڵام لەملاو لەولا لە زاری ئەندام پەرلەمانی ئەم حزب ئەو حزب (ئەستێرەکانی شاشەی تەلەفزیۆنەکان) دەنگێیەك ئەبیستڕت کە کازمی هەرچەندە نەهاتووتە کوردستان ئەمەی کردووەو ئەوەی ئەنجامداوەو، مادەی 140 و کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم چارەسەر ئەکات و کەسیان دڵنیانین لەوەی ئەیڵێن و بە ئەم وشانە دەستپێئەکات : (وابزانم، یان بە بڕچوونی من و لە پاشان ئەڵێن با پەلە نەکەین وچاوەروانی سەرکردایەتی بکەین).
محەمەد عەللاوی یان عەدنان زورفی و هەروا مستەفا کازمی دوو رووی دراوێکن و هەموویان لە لای شەقام و جەماوەری راپەریو وەك یەکن لە گەندەڵیی و دزی و، هەرچەنێك بێت وئاستەنگ بێ کازمی دروست بکرێت کابینەکەی لە پەرلەمان تێئەپەڕێت و لە گەڵ نەمانی کۆرۆنا خێپیشاندان دەستپێئەکاتەوەو وەك حکومەتەکەی عەبدولمەهدی ناچار ئەکرێت دەست لە کار بکێشێتەوە.
پێویستە هەمو لایەك هەوڵبدات بێ :
دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی گوزارشت لێ هەموو لایەنێ سیاسیێکان و گەل بکات و دوور بێت لە حزب و پشکپشکێنەی تایفەگەری و ، ئەوە بووەتە خواستی گەل و هەر ئەو حکومەتەش ئەتوانێت کێشە مەترسیدارەکانی عێراق چارەسەر یکات.
ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەری پێشوەختە.
ئاورێك لە شەقام و خێپیشاندەران و خەڵکی راپەریوی بەغدای پایتەخت و (9) نێ شاری ناوەراست و خواروووی عێراق بدرێتەوەو خواست و ئامانجەکانیان بهێننەدی.
لە هەمووی گرنگتر دەزینەوەی بکوژانی خێپیشندەرانە و بدرێنە دەست دادگاو سزا بدرێن.
هەوڵبدرێت مووچەیەکی شایستە بێ 600 شەهیدو 25000 بریندداری راپەرینەکە دابین بکرێت حکومەت شەهیدەکانی به شەهیدانی گەل ونیشتمان رابگەنێت..
بە زووترین کات زیندانیانی راپەرینەکە ئازاد بکرێن و لەلایەن دەزگاکانی پۆلیس و دادگاکان بانگنەکرێن بێ لێپرسینەوەو ئەوانەی بەسەروشوێنن بدزرێنەوە.
گەندەڵکاران بدرێنە دادگا.
هەنگاوی بەپەلە بنرێت بێ دابینکردنی نان و پێداویستییەکان بێ گەیەنەت بەتایبەت چەوساوەو هەژاران.

20/4/2020

لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا … ئەحمەد کامەران

هاوشێوەی هەموو گەلانی جیهان,گەلی کوردیش سەرای ئەو داگیرکاری و چەوساندنەوانەی کە لەبەرامبەری ئەنجام دەدرا, بەڵام توانی ببێتە خاوەن دەنگێکی ئازاد لە ڕێگای دامەزراندنی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە , کە بۆیەکەم جار لە22ی نیسانی ساڵی 1898 لەشاری قاهیرە , لەلایەن میدحەت بەدرخان و جەلالەدین بەدرخانەوە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) چاپ کرا, کە بە دامەزراندنی ئەو ڕۆژنامەیە بووە دەرگایەك بۆ فراوانبوونی کاری ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستان, ئەمەش سەرباری ئەوەی کە بەردەوام ڕۆژنامەگەری کوردی لەژێر هەڕەشەی داگیرکەران بوو لەو کاتەدا بەڵام توانی ببێتە دەنگێکی گەورە بۆ گەلی کورد و ئازارەکانی لەو سەردەمانەدا.
هەر لەگەڵ دامەزراندنی ڕۆژنامەگەری کوردی و پێشکەوتنی ڕۆژنامەی کوردی لە ئەمڕۆدا , بەڵام ڕۆژنامەنووسان بەردەوام لەژێر هەڕەشەی تیرۆر و دەستگیرکردان لەلایەن دەسەڵات دارانەوە, ئەگەر چی لەباشووری کوردستان ساڵانێکی زۆرە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆیە لەبەرەوبەردنی کاروبارەکانی دا , بەڵام نەتوانراوە هەتاوەکو ئێستا لەلایەن حکومەتەوە قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کاری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان فەراهەم بکرێت, کە ئەمەش ڕۆژ بەدوای ڕۆژ کاری ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەوێتە ژێر هێلی مەترسیەوە , بەتایبەتی بۆ ڕۆژنامەنووسانی ئازادی خواز ,کە وا دەکات ئەو ئازادی خوازانە دەنگیان کپ بکرێتەوە و, چیتر دەنگیان بە ئازادی بەرز نەکەنەوە لە بەرامبەر هەر ناداپەروەرێك کە دەیبینن.

ژمارەی دووبارەکراو … کۆنعان مدحەت

لە سەر پەناکورسییە لە بیرکراوەکەی
ژێر پیرەداری
جێ دەمەتەقەی چڵەکان
بەتەیی
بیرتم دەخاتەوە.
ژمارەیەکی کوژاو لە گڵا و
چەی دوو ساڵە و
ئاوات..
چەن ئەو هەمو پیاوانەی
بە خەونی موتوربەکردنی تیلەچاو
گیانیان دەرهات..
تایبەت ئەو دەمانەی
کە لە زانکەوە
شەکەت
شەکەت
تارمایی لە خە بەهەزترت
پێشی دەخستی و
دەهاتی..
یادت
لەم پیرەدارە شڵژاوە
پترتر
دەمشڵژێنە
بەباکی و
تەپڵەبوونی بەخوێندنەوەمت
منی لە سەر تەختە کورسیی لە بیرکراو
لە خە دەتەرێنە
ئا ئەو پیاوە پرج تەنک و تەرایە
سەردەمانە
زایەڵە و
تیشکی ئاڵەسکاوتی
تا درەنگانە.. دائەهێنا
چەن لەمی تڵەی کەنار

لە ژێر دەستیا
تەکەو و
خەنەیی.. هادەکشای
ئا ئەو پیاوە
من
وا بە دەسکە گوڵ و
دیوانە شیعرەوە
لەسەر هەمان پەناکورسی جۆڕووانمان
چەماوە چرکەکانی کاتژمێری
جاران دەهەنمەوە
بە ئەوەی لا
لە ژمارە خە دووبارەکراوەکەم
بکەیتەوە
٢٥/١٠/٢٠١٣
کفری

بووونی پەکەکە لە باشوری کوردستاندا شەرعی نییە، بەڵام بووونی سوپای داگیرکەری تورکیا شەرعییە! .. ڕزا شوان

ڕۆژی دوو شەممە (٢٠/ ئەپریل/٢٠٢٠) نەچیرڤان بارزانی، کە شێخ جەعفەر مستەفا و مستەفا سەید قادری لەگەڵدا بوون، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەربارەی کێشەی (زینی وەرتە) و بەردووماننکردنی زینی وەرتە و کەمپی ئاوارەکان لە مەخموور، لە لایەن فڕۆکە بەفڕۆکەوانەکانی تورکیاوە، کە لەو کەمپەدا خوشک و برا کوردە ئاوارە ڕاونراوەکانی باکووری کوردستان لێی نیشتەجێن، ئەو بەردووماننە بووە هەی شەهید بووونی چوار کوردی ژن و منداڵ و بریندار بووونی چەند کەسکی سڤیلی بەتاوان.. کەچی ڕاگەیاندنە بکەرگیراوەکانی تورکیا لە باشووری کوردستاندا، ڕاستیەکیان

چواشکردوو.. وا رایاگەیاند (لەم بەردوومانەدا چوار گەریلا) ی پەکەکە کوژران.

لەو کەنگرەیەدا، رۆژنامەنووسەکان، کە بە زەری ئەو رۆژنامەنووسانە بانگکرابوون کە پاشکۆی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بوون.. دەربارەی پەکەکە و کۆشەی زینی وەرتە و بەروومان کردنی وەرتە و کەمپی ئاوارەکانی مەخموور پرسیایان لە نەچیرڤان کرد. نەچیرڤان وەڵامی دانەوە و وتی:"زەر جار باسمان لەوە کردووە کە بوونی (پەکەکە) لە هەموو کوردستانی عەراق بە شەرعی نازانین" وتیشی:"ئەمە بەشکین لە عەراق و هەرەمی کوردستانیش لە چوارچێوەی عەراقدا، دەرفەتی ئەوە نادات بە هیچ شێوەیەک هەزی دیکە ببڕتە هەکاری کۆشە بە دراوسکانمان" وتیشی"کە پەکەکە بیەوە یارمەتی هەرەم بدات، ئەوەیە کە دەبە هەرەمی کوردستان چێ بکات" نەچیرڤان بارزانی پاکانەی بە تاوانکانی تورکیا کرد و پاساوی بە بەردوومانکەی کەمپی پەنابەرانی مەخموور هەنایەوە، وتی:"مەخموور لەژەر کنترڵی دەسەڵاتی هەرەمی کوردستاندا نییە، لەژەر دەسەڵاتی عەراقی فیدرالییە، واتە ئەو پێوەندی بە هەرەمی کوردستانەوە نییە"
من پەکەکە نیم و بە ناوی ئەوانیشەوە قسە ناکەم، ئەوان خۆیان دەتوانن وەڵامی قسەکانی نەچیرڤان بدەنەوە یا نەدەنەوە.. بەڵام من وەکو کوردێکی کوردستان پەروەر و خەمخۆرەکە گەلەکەم قسەدەکەم، وەڵامی قسەکانی نەچیرڤان دەدەمەوە.
با نەچیرڤان بارزانی باش ئەوە بزانێت کە کوردستان لە ئەوپەڕی باکووریەوە تا دەگاتە ئەوپەڕی باشووری.. لە ئەوپەڕی رۆژهەڵاتیەوە تا دەگاتە ئەوپەڕی رۆژئاوای.. نیشتمانی هەموو کوردێکی دەسزە و مۆک و تاپۆی هیچ هەز و بنەماڵە و حیزبێک نییە، شۆن و نیشمانی شەرعی هەموو کوردستانپەروەرەکە.. تەنیا شۆنی شەرعی ناپاکان و خۆفرۆشان و کوردستان فرۆشان و جاشە بەکرێگیراوەکان نییە.
لە نەچیرڤان دەپرسین: ئایا بوونی بە هەزاران سەربازی تورکیا، کە زیاتر لە سی مەنگەی سەربازییان لە پارێزگای دهۆک و هەولێر لە باشووری کوردستاندا هەیە.. بە لاتانەوە شەرعییە؟ وەراوتانە جارێک لە جاران، تەنانەت گەر لەژەری لەویشەوە بێت، ئەوە بۆن، کە بوونی لەشکری تورکیای داگیرکەر لە سەر خاکی باشووری کوردستان و لە رۆژئاوای کوردستاندا ناشەرعییە..؟؟ رۆژی لە رۆژان داواتان لە تورکیا کردووە کە سەربازکانیان لە باشووری کوردستاندا بکشنەوە..؟ بەگومان نەخەر، ئەوە چۆن کفری وا دەکۆن.. کەچی بە پەکەکە دۆن دەبە هەرەمی کوردستان چێ بکات.. ئەم قسەیەت تەنیا

لە بەرژەوەندی داگیرکەران و دوژمنانی کورد و کوردستان دایە.
هیچ کاتێکیش گومم لێتان نەبووە، کە بە فەرمی سەرکەنەی بەرددوومان و تاوانەکانی تورکیا بکەن، بە پێچەوانەوە، کەناڵێکی بەکرێگیراوەکانی تورکیا لە باشووری کوردستاندا، کە کەسانێکی خەفرەش بەناوبانگن دەبەن، بە زەردەخەنەوە رایان دەگان" فڕۆکەکانی تورکیا بارگای پێکەکیان لە مەخموور بەردوومان کرد". لەو بەوایەدام گەر چاوساغی و سیخوڕی بە تورکیا نەکرێت، تورکیا بە وردی ئەو زانیارییانە دەربارەی جموجووڵی پێکەکە نازانێت.. دەستەاتی هەرەمی کوردستان، ئاگاداری سوانەوەی فڕۆکە جەنگی و فڕۆکە بەفڕۆکەوانەکانی تورکیان، بەسەر ئاسمانی باشووری کوردستاندا.
ئەی بە دەم و گوڕ و چاوتان دەگرن، کە دژانە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا، گوندەکانی باشووری کوردستان بەردوومان دەکەن و منداڵ و ژن و لاوی کورد شەهید دەکەن و مەڕ و ماڵاتیان دەکوژن و باخ و دارستانەکانی کوردستان دەسووتێنن، ئەم گوندنشینانە نە پێکەکەن و نە بارگاکانی پێکەکەشیان لەوە نزیکن.. ئەی بە ئەم تاوانانە نامەردیانە تورکیا سەرکەنە ناکەن؟! راگەیاندنەکانی ئەوە، زەر بە شەرمانە، دەڵێن: ئەمە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا لە (فڕانە) شوێندا، بارگاکانی پێکەکەیان بەردوومان کرد.. ناڵێن گوندەکانیان بەردومان کرد.. دەڵێن چەند گەریلایەکی پێکەکەیان کوشت، ناڵین چەند ژن و منداڵێکی کوردیان شەهید کرد، بەمەش شەرعییەت بەم تاوانانەی تورکیا دەدەن.
ئەی بووەنی بە دەیان میت و هەواگری و سیخووڕی تورکیا، لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و سەران و کەرکووک کە بە ئاشکرا دەن و دەچن بە شەرعی دەزانن؟ لە هەولێری پایتەختدا، مەشق بە جاشی کورد و بە بەرەی تورکمانی دەکەن؟
نەچیرڤان وتیشی:"ئەمە بەشکین لە عەراق و هەرەمی کوردستانیش لە چوارچێوەی عەراقدا، دەرفەتی ئەوە نادات کە بە هیچ شێوەیەک هەزی دیکە ببەستە هەکاری کەشە بە دراوسێکانمان" ئەوە بەشکن لە کام عەراق؟ لەو عەراقەی کە شاری هەڵەبجە و بە دەیان شوێنی تری کوردستانیان کیمیاباران کرد؟ لەو عەراقەی کە کوردیان ئەنفال کرد؟ لەو عەراقەی کە هەشت هەزار بارزانی و بیست هەزار کوردی فەیلیان زیندەبەچاڵ چکەی کردن؟ لەو عەراقەی کە پێنج هەزار گوند و شارچکەی کوردستانیان وێران کرد؟ ئەوە لە کوردستانی سەربەخۆ، هاتنە سەر ئەوەی کە بڵێن ئەمە بەشکین لەو عەراقەی کە (لە سەدا پێنجا و یەک)ی خاکی باشووری کوردستانیان داگیرکردووە.

کامانەن (دراوسێکانمان) تورکیا و ئێرانی داگیرکەرانی کوردستان، کە بە هەزاران کوردیان شەهیدکردووین و دەستێیان بە خوێنی بێتاوانانی کورد سوورن، رەژ نییە کە لاوێکی کورد لە سێدارە نەدەن.. داگیرکەرانی کوردستان بە دراوسێکانمان دەزانێ؟
نەچیرڤان، لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامە نووسێکدا، وتی"مەخموور لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا نییە، لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵیدایە، واتە ئێوە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە.." دەپرسین، کە کەرکووک و خانەقین و دوزخورماتوو و پردێ و مەخموور و شەنگالی دەڵاندن و خستیانیانە بن دەستی ئێو عێراقی کە ئێوە بەشەکن لێی؟ ئەم قسەکەتان ئێوە دەگەیەنێت، حەقیشتان بەسەر شاری کەرکووک و شارێ کوردستانییە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستانەوە نییە.. کەواتە بە کوردتان لێو ناوچێ کوردستانییانە بە گورگان خوارد دا..؟؟
ئەی کە ئێردەگانی داگیرکەر، وتی:"مووسڵ و کەرکووک و هەولێر، دەبێ بگەڕێنەوە
بە باوەشی تورکیا" گەر تەنیا بە قسەش بوایە، بە هیچ قسەیەکتان نەکرد؟
من دژی مافەکانی تورکمان نیم، بەڵام هەموو تورکمانەکان لە هەولێردا کەبکرێنەوە، پەی دوو چارەگێ نابن، دوو کورسی تەوایشیان نەهێنا، ئێوەی پارتی بە بژێوەندی و بە هاودەنگی خەتان جێگری سەرەکی پەرلەمان و وەزیرەکی هەرەمتان، دا بە بژێی تورکمانی، کەچی بژێی تورکمانی تا ئێمەش وشێ کوردستان بەسەر زاریاندا نایە و هەردەمیش دژایەتی مافەکانی کوردیان کردووە و دەکەن، ناشێن بە حکومەتی هەرەمی کوردستانیش ناوتان نابن، بە (السلطة فی شمال العراق) یا بە (حکومة اربیل) ناوتان دەبەن.. ئێوە بە بژێوەندی خەتان بە زەرینەی خەڵکەن لە پەرلەمانی کورستاندا، بوونێ بە هاوپەیمانی بژێی تورکمانی لە هەولێر.. ئێوەتا وەزیری هەرەمتان (ئایدن مەعروف) کە سەر بە بژێی تورکمانییە، خێی و باوکی و باپیریشی لە کوردستان و لە هەولێر لەدایکبوونێ و هەوای کوردستانیان هەمژیون و بە ئاو و بە نانی کوردستان گورێ بوونێ، کەچی ئایدن مەعروفی بە ئەمەک، لەم رۆژانەدا شکاند و قسەکەی ئێردەگانی جاکاندەوە، بە شەرمانێ لە کەناڵی (تە ڕە تە) ی تورکیدا، وتی:" هەولێر لە ئێستا شارێکی تورکمانییە، بەڵام دیمەگرافیای گۆڕاوە" مەبەستی لەم قسەیەی ئێویە کە کورد هەولێری لە تورکمان داگیرکردووە. ئایدن مەعروف وەزیری هەرەمتان پیاوی تورکیایە (تورک مەن)ە، نە هاوبەستبوونی بە کوردستان هەیە و نە خەشی بە هاوڵاتییەکی کوردستان دەزانێ، ئایدن دەڵێ:"تورکیا

نیشتمانی تورکمانکان" ئایە ئەم قسەیی وەزیرەکەتان، بە شەرعی دەزانیت؟ هیچ وەڵامەکتان دایەوە؟ ئەی بە ناپرسیت کە زیاتر لە (بیست و پێنج) ملیۆن کورد لە باکووری کوردستاندا هەیە، نەک هەر وەزیر و وەزارەتێک، بەڵکو تەنیا بەڕێوەبەرێکی گشتیشیان نییە.. تا ئەمڕۆش تورکیای ڕەگەزپەرست دانی بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا نەناوە.. نکوولی لە بوونی کورد لە باکووری کوردستاندا دەکات.. ئەی ئەمە بە شەرعی دەزانن؟

تورکیا، خەریکە لە کەرکووکی کوردستانی (٦٠٠) کەسی تورکمان لە بەرەی تورکمانی بە جاشی بکرێ بگرێت، مانگانە (٨٠٠) دولار بە هەر چەکدارێکیان دەدات، دەنگەی ئەوەش هەیە کە (٢٠٠) چەکداری تورکمانی کەرکووک، لە لایەن سوپای تورکیاوە لە شاری (سلێپی) کوردستانیدا، مەشق و ڕاهێنانیانی پێ کردوون. مەبەستی تورکیاش لەم چەکدارانەی تورکمان ئەوەیە.. کە بیانکات بە کڕی کورد دا، لە کەرکووک د گەچێ بە کورد بکەن و کێشە بنێنەوە، تا تورکیا بیکات بە بیانوو، بە ناردنی هێز بۆ کەرکووک. ئەی بە باسی ئەمە ناکەن و بە ناڕەن ئەمە ناشەرعییە و دەستوەردانە لە کوردستان؟ ئەمانە و زۆر شتی تر لەبن بڕەدان، گەر بمانەوێت بیخەینە سەر بڕە.
وەکو لە سەر دوو سێ کیلەمەترەکی زینی وەرتێ، لە یەکتری مەڕ و گفبوونەتەوە و یەکتری تاوانبار دەکەن.. ئەی بە هەموو لایەکتان جقە و نقەتان لەوە نایات.. بە هیچ کلاجێک ناوی کەرکووک و شوێنە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستان ناهێنن؟؟ دەزانن دەی کوردستان و قودستی کوردستانتان بە چی دەردێک بردووە؟
تا کەی خەپەرستی و دەسەاتپەرستی..؟؟ تا کەی یاری بە چارەنووسی گەلە داماو و کەڕە و بەدەرتانکەماوە دەکەن..؟؟ نۆکەری تورکیا و ئێران و عێراق تاکەی..؟؟
لە (هیتلەر) یان پرسی: هیچوپوچترین کەس لە ژیاندا کێیە؟
وتی:"ئەوانەن کە یارمەتیان دام بۆ داگیرکردنی نیشتمانەکانیان"

کوردیش دەڵێت:"هەزار ساڵ بکەیت بگانە پەرستی.. هەر دەبێت بهێنیت نوشوستي"
٢١/ ئەپریل/٢٠٢٠